# خەونەکانی ئاکیرا کوروساوا

کازم مورشد سەلوم



دەرهێنەری ژاپۆنی ئاکیرا کۆرۆساوا نەك لەسەر ئاستی سینەمای ژاپۆنی، بەلکو لەسەر ئاستی سینەمای جیهانی ناوبانگێکی زۆری هەیە، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کاروانی چەندین دەرهێنەری ژاپۆنی هەبووە، لەساتەوەختی دەرهێنانی یەکەمین فیلمەوە (سانشێر وسۆگانا) رێچکەی کارەکانی لەهەلکشاندا رانەوەستا تا سالی (١٩٩٨) کۆچی دوایی کرد.

خودی دەرهێنەر کەسالی (١٩١٠) هاتوەتە دونیاوە، ژیانێکی ئاسایی نەبووە گەواهیدەری هەردوو جەنگی جیهانی بووە، کەبەشێوەیەکی گەورە کاریگەری لەسەر ژاپۆن وکلتوری گەلەکەی هەبووە، وەلێ ئەم ولاتە لەزلهێزێکی سەربازیی گەورەوە گۆردرا بۆ هێزێکی ئابوری زەبەلاح، رەنگە ئەمەش چاکەی ئەو جەنگە گەورەیە بێت لەسەر ولات و گەلی ژاپۆن. ئەم کاریگەرییە بەئاشکرا بەکارەکانی کۆرۆساواوە دیارە، ریشەی دەرهێنەر دەگەرێتەوە بۆ بنەمالەی سامۆرای، ئەم بنەمالەیەش داب و نەریتی خۆیان هەیە، کە قولاییەکی ئاینی هەیەوە، لێ فیلمە بەناوبانگەکەشی (حەوت سامۆراکە) و فیلمەکانی تریشی بەلگەیە لەسەر ئەم قسەیە. بەلام زۆر زیرەکانە مامەلەی لەگەلای سینەمای جیهانیدا کرد، ئەمەش لەرێگای پەیرەوکردنی رێگاکانی وێنەگرتنی رۆژئاوای لەکارەکانیدا، کەتارادەیەك هاوکاربوو لەسەرکەوتنی دەرهێنەر و قبولکردن و هاوسۆزی لەگەلا کارەکانیدا. لەدوای ئەزمون و شارەزاییەکی زۆر، سالی (١٩٩٠) یەکێك لەگرنگترین فیلمەکانی کە فیلمی (خەونەکانی کۆرۆساوا) بوو دەرهێنا، بریتیە لەکۆمەلێك لەکورتەفیلم ئەوەش خەونە سینەمایەکەی بوو، خەونێك بوو رۆژێك لەرۆژان لەخەیالیدا بوو، دەیویست بیکاتە فیلمێك بۆ خەلکی بگێرێتەوە، ئەمەش لەرێگای گێرانەوەیەکی وێنەییەوە فەنتازیای خەیالی خەونەکانی تیابەکارهێنابێت، بەلام باس لە کێشەکانی خەلك بکات. ئەمەش لەدەرەنجامی ئەو کێشانەی رووبەرووی جیهان دەبێتەوە، تەنها بەجەنگی جیهانی دووەم کۆتایی نایەت، یاخود بەجەنگی ساردی نێوان دەولەتەکان، لەگەلا ئەو پێشکەوتنە زەبەلاحەی بواری پیشەسازی تەکنولۆژیای ئەتۆمی تائێستاش مەترسی هەر هەیە، بۆیە خەونەکانی مرۆڤیش تائێستا کاریگەرە بەم مەترسیە، ئەی ئەگەر ئەمە خەونی هونەرمەند و دەرهێنەرێك بێت، ناوی ئاکیرا کۆرۆساوا بێت.

ئەم فیلمە (٨) خەونی لەخۆگرتوە، خەونی یەکەم (رۆژ لەرێگای هەورەکانەوە هەلدێت) باس لەمندالێك دەکات لە ئاهەنگی هاوسەرگیری کچانی ئۆیدا گوێ بە رێنماییەکانی دایکی نادات، دوای ئەوەی دایکی شمشێرێکی دەداتێ رووبەرووی دەرکردن دەبێتەوە داوای لێدەکات بچێت داوای لێبوردن لە کچانی ئۆی بکات. رەنگە کۆرۆساوا مەبەستی بووە باس لەپەروەردەیەکی توندوتیژ بکات کەملکەچی پەروەردە و بیروبۆچون و پیروباوەرەی ژاپۆنی رەگ داکوتاوی نێوکۆمەلگەیە، چۆن لەمندال کەسایەتیەك دروستبکەیت رووبەرووی قەیرانەکان ببێتەوە. کۆرۆساوا ئەم کێشەیەی بەدیدێکی سەرنج راکێشانە چارەسەرکرد، وە لێ مەبەستی بوو ئەو ماوەیەی کەبۆچارەنوسی مندالەکە بریبوومان چارەسەر بکات، بۆیە کێلگەکانی پر لەگولی جوان و پەلکەزێرینە کەرەنگە زۆر لەژیانماندا بەدی نەکەین، بەلام خەیالی

ئاپەیا
گۆڤارێکی فکریی ئەدەبیی هونەرییە
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ سالی هەشتەم

دەکەین و وێنای دەکەین.

خەونی دووەم بەناونیشانی (باخی قۆخ)ەوە بوو، ئەمەش بریتی بوو لە نمایشکردنێکی وێنەیی کە بەجل و بەرگە کلتورییەکانیان زۆرێك لەنمایشە لەبوکە ژاپۆنیەکان دەچوو، رەنگە ئەو منداڵەش خودی کۆرۆساوا بێت، کە رۆحی داروودرەختەکان، هەروەها ژیانی منداڵە بچوکەکان ئەوانەی لەسەر شێوەی کچ و کوری جوانن دەدوێنێت.

ئەم باسکردنەش وەك نمایشی شانۆگەری لەسەر گردێکی سەوز نمایش دەکرا، منداڵەکەش بەرامبەر زۆرێك ئەوانەی رۆحی درەختی خۆخەکان بوو راوەستابوو لێیان دەپارایەوە باخی قۆخەکان هەڵنەوەرێت، ئەوەی دەخوازێت هیواکانیان دێتەدی. خەونی سێهەم (گەردەلولی بەفر)، ئەمەش خەونێکە باس لە شاخەوانە ژاپۆنییەکان دەکات، کەرووبەرووی گەردەلولی توندی بەفر دەبنەوە وناتوانن رووبەرووی ببنەوە، لێرەدا کەسایەتی فەرماندە سامۆرای پاڵەوان دەردەکەوێت کە تادوا هەناسە رووبەرووی گەردەلولەکە دەبێتەوە، پاشان خۆی رادەست دەکات. تا لەخەونی کچێك بەخەبەر دێن کە گەردەلول کۆتایی هاتووە و بەفریش دەستی بەتوانەوە کردوە، بەڵام ئەمە کەی، لەدوای مردنیان؟ یاخود وەك لەدوا فیلم دا باسیان لێوەکردوە بەتەواوەتی گەیشتونەتە سەربازگەکەیان.

خەونی چوارەم (تونێل) بوو وە، لێ کاریگەری جەنگی گەردونی بەئاشکرا لەم خەونەدا دیاربوو. بەگوێرەی بیروباوەرەکانی سامۆرای، فەرماندەی ئازا نابێت لەجەنگێکی دۆڕاودا بەزیندویی بمێنێتەوە، ئەم بیروباوەرانەش لەجەستەی کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا رەگی داکوتاوە، ئەی ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو؟

فەرماندە پاشەکشێ دەکات و دەگاتە تونێلێکی تاریك، وەك سەگێکی قێزەون کەپشتێنێکی تەقەمەنی بەستوە دێتە دەرەوە، بەدواشیدا یەکەیەك لەسوپا بەدوایدا دێن، ئەوەش یەکەی فەرماندەیە کەهەموویان لەو جەنگەدا لەناوچوون، سڵاوی سەربازی بۆ دەکەن و بانگەشەی کۆتایهێنانی جەنگ دەکەن بەبێ هیچ زیانێك. تەنانەت ئەگەر بمرن هەر پاڵەوانن، لێرەدا قسەپەکی کاریگەرییان پێدەڵێت، بەپاڵەوان وەسفتان دەکەن، بەڵام لەکۆتاییدا ئێوە لەریزی مردواندان، ئاواتەخواز بووم لەگەڵ ئێوەدا بمرم، فەرمانی پێکردن بۆئەو شوێنە بگەڕێنەوە کەلێی هاتبوون، پاشان لەکۆتاییەکی کراوەدا لەنێوان مردن و ژیاندا کەسەگێکی قێزەون جیای دەکاتەوە، کۆرۆساوا لەگەڵ سەگەکەدا دەهێڵێت.

خەونی پێنجەم کەرەنگە لەرووی دەرهێنان وبەکارهێنانی رەگەزەکانی زمانی سینەماییەوە گرنگتربێت خەونی(قەلەرەش) تیایدا کۆرۆساوا بەدوای وێنەکێشی بەناوبانگ ڤان کوخ دا دەگەڕێت، کەلەسەرەتادا ئارەزومەندی وێنەکێشان بوو، پێش ئەوەی رووبکاتە سینەما چووە کۆلێژی هونەرە جوانەکان. ڤان کوخ لەیەکێك لەکێڵگەکانی گەنم دەدۆزێتەوەو تائەو کاتە برینەکەی گوێی چاك نەبووەتەوە، کەپێش چەند رۆژێك بریبوی، مارتن سکسوسیزی وەك وەفایەك بۆ کۆرۆساوا رۆڵی ڤان کوخی بینیبوو. کوخ هیچ گرنگیەکی پێنادات جێیدەهێڵێت، تاکو لەرێگای تابلۆکانیەوە بەدوایدا بگەرێت، تاکو دەگاتە ئەو کێڵگە بەناوبانگەی ڤان کوخ کێشاویەتی و سیخناخ بووە بەقەلە رەش.

خەونی شەشەم بریتیە لە تەقینەوە سورەکەی گرکانەکانی شاخی فۆجێ (ئەمەش هۆشدارییەکە سەبارەت بەمەترسیەکانی کورە ئەتۆمیەکان، گیس پیشبینی تەقینەوەی یەك بەدوایەکی شەش کورەی ئەتۆمی دەدات، پاشان خەڵکەکە بەرەو دەریا رادەکەن، بۆئەوەی خۆیان بخەنە دەریاکەوە و بخنکێن نەوەك بسوتێن، پسپۆرێکە زانستی باس لەزیانی ئەو گازە ژەهراوییانە دەکات، کەبەهۆی کورە ئەتۆمیەکانەوە بڵاودەبێتەوە، باسی ناوە زانستیەکانیشیان دەکات وەك دلنەواییەك لەلایەن کۆرۆساواوە ئەمە وێرای هۆشداری دان.

خەونی حەوتەم: تەواوکەری خەونی شەشەمە، باس لەدەرەنجامەکانی دوای کارەساتەکە دەکات، کەرووبەرووی زەوی و گەلان و روەکی هەندبائی بیابان دەبێتەوە، کە دەهێنندەی قەبارەی خۆی دەبێت، هەروەها ئەقل و شێوەی مرۆیی لەم کاریگەرییە بەدور نابن. خەونی هەشتەم و کۆتایی (گوندی ئاشە ئاوییەکان)بوو، کۆرۆساوا هەولدەدات بگەرێتەوە بۆ سەرەتاکان کەخەڵك زۆر بەسادەییەکی گەورە دەژی، هیچ شتێك بیرو هۆشی داگیرنەکردوە، تەنها هەموو شتێك لە زەوی وئاوەوە وەردەگرێت، تەنانەت ئاهەنگ بۆ مردنیش دەگێرن، بەلایانەوە کێشە نییە، خەون بەگوندێك، یاخود شارێکی چاکەوە دەبینن، ئەمەش لەدورترین گوندەکانی سەر زەوی بوونی نییە.

کۆرساوا گوندێکی زۆر جوانی دروستکردوە، دیمەنی سروشتی سەرسورهێنەر. کەهەموومان هیوای بۆدەخوازین تیایدا بژین، بەلام لەکۆتاییدا ئەمە خەونە لەجیهانێکدا بەدی نایەت، کەململانێ و قەیران بەخۆیەوە دەبینێ، بەڵام رەنگە خەونی وێرانکردن و ترسناك زیاتر بەدیبێت وەك خەونی رۆمانسی جوان. لەکۆتاییدا کۆرۆساوا لەرێگای ئەم فیلمەوە چەند تابلۆیەکی هونەری پێشکەشکرد، کەتوشی سەرسورمان دەبووین، ئەمەش جەختی لە باڵابوونی دەرهێنەر دەکردەوە لەدەرهێنانی سینەماییدا، بۆیە باشترین نوێنەری گەورەی سینەمای ژاپۆنی بوو.